کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی گشتی سەربەخۆی کوردیە

# مــن و مــەی

مستەفا چــوارتــایــی
chuartaiy@gmail.com

ئەمشەو من و جامی شەراب
بەیەکەوە
لە ناو بیر و ئەندێشەدا
تێکەڵ بە ڕۆحی یەکتربووین
من تاڵی و هێزی شەرابم دەخواردەوە
ئەو ئاگای من
لەناو یەکدا وێڵ و ون بووین

وامزانی هەر من سەرخۆشم
لە یادی دووریی و بێ تۆیی
بینیم شەرابیش بیهۆشە
ئەو بێهۆش و من بێهۆشم

من لە دووری و بێ تۆییدا
ناچارم هاوڕێیەک بگرم
لە نێوانی خەم و مەیدا
دەبێ هەر دەستی مەی بگرم

لێوی بنێم بە لێوەوە
هەتا تیایبێ بیخۆمەوە
کە تۆ هاتی
هۆشیشم دەگەڕێتەوە
ئەگەر نەیەیت
ناچارم سەربنێمەوە

دەنووم بێهۆش و بێ ئازار
لە خەونیشدا
چاوڕوانم
وەرەوە دەستکەرە ملم
بینیاییم ئەی هێزی گیانم
بە ماچی تەڕی لێوی تۆ
جارێکی دی دەژێیمەوە
سەرخۆشیی چی؟
بە ئاگایی
تەنیا وشەی خۆشەویستی
دەلێیمەوە

ئەڵمانیا ـ 11 .11 ـ 2006